
# هونەرمەندان به دەنگ و ئاواز پشتگیری لە پێشمەرگە دەکەن



بـــه درێژایی خەباتی پیرۆزی میللەتی کورد بۆ بەدەســـتهێنانی مافه ڕەواکانی هونەرمەندان پشـــتیوانێکی بەردەوامی هێزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان بوون و به دەنگ و ئاوازەکانیان هاندەری پێشمەرگه بوون و دەیان داستان و نەبەردییەکانی پێشمەرگەیان تۆمار کردووه که تا ئێستاش هەر به زیندوویی ماونەتەوه و نەوه دوای نەوه دەیڵێنەوه و له خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتەکەماندا بەشدار بوون، هەر مەرگەساتێك که بەسەر میللەتی کـــورد هاتبێت له ئەنفـــال و کیمیا باران و وێران و خاپوور کردنی گوند و دێهات و شـــارەکان، هەروەها هەر ســـەرکەوتنێك و دەستکەوتێك بۆ میللەتەکەمان به دەستهاتبێت وەك ڕاپەڕین و هەڵبژاردن، هونەرمەندان بەشـــی خۆیان تێیدا هەبووه و به دەنگ و ئاوازەکانیان گەیاندوویانه و گوزارشتیان لێی کردووه، تەنانەت له بەرەکانی جەنگ بەرگریشـــدا بەشـــدار بوون و بـــه چەك و گۆرانی و شـــانۆ له ڕیزی پێشـــمەرگەدا بوون، له ئێستاشـــدا که میللەتەکەمان بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێت و لـــه بەرەکانی جەنگدا ڕووبەڕووی تیرۆریســـتان دەبێتەوه هونەرمەندان دیســـان هاتوونەته مەیدان و هەریەکه له شـــوێنی خۆی پشتگیری و پشـــتیوانی پێشمەرگەی کوردستان دەکات.









**شڤان پەروەر بە (پێشمەرگەینە) دەگەڕێتەوە**

کەس نییە بە گۆرانی (وا هاتن پێشمەرگێن مە)ی هونەرمەند شڤان پەروەر ئاشنا نەبێت، شڤان پەروەر کە هەمیشە گۆرانی و سروودەکانی جۆش و خرۆشیان بە میللەتی کورد بەخشیوە و دوژمنان حیسابیان بۆ کردووە، لە ئێستادا بۆ جاری دووەم گۆرانی (وا هاتن پێشمەرگێن مە) تۆمار دەکاتەوە.

دووبارە تۆمار کردنەوەی ئەم سروودە هاوکاتە لەگەڵ ئەو رووداوان ئێستا لە ئارادایە بەتایبەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە و تیرۆریستان و ئازادکردنی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم، ئەم جارەیان شڤان پەروەر سروودێکی دیکەی بۆ پێشمەرگە تۆمار کرد بە ناوی (پێشمەرگەینە) کە لە ئاواز و تێکستی خۆیەتی، شڤان پەروەر نایەوێ پێشمەرگە لە هونەر و دەنگی خۆی بێبەش بکات بۆ ئەوەی هەروەك چۆن لە رابردوودا وابووە ئەم جارەش ورەی پێشمەرگە بەرز بکاتەوە و ستایشی پێشمەرگەکان بکات بۆ ئەو سەرکەوتنانەی بەم دواییە بەدەستیانهێنا و سەرتاسەری باشووری کوردستان خراوەتە ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە کە بە گیان و دڵ خەڵکی ئەم ناوچانە بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە دەپارێزن.

**حەسەن شەریف و ئەمین بۆتانی بە «کورد هاتن» بەشداری لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە دەکەن**

سروودی «کورد هاتن» لە تێکست و ئاوازی شاعیر ئەمین بۆتانی و لە وتنی هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەسەن شەریفە، کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان گوتراوە و بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە.

حەسەن شەریف کە وەك پێشمەرگە بەشداری کردووە لە خەباتی چەکداری میللەتەکەمان و تا ئێستا چەندین سروودی بۆ کوردستان و پێشمەرگە تۆمار کردووە و لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتەکەمان بەشدار بووە، دەربارەی ئەم سروودە نوێیەی دەڵێ: ئەم سروودە لە تێکستی ئەمین بۆتانییە کە ناوەرۆکێکی زۆر جددی هەیە و ئاوازێکی زۆر خۆش و جیاوازە و رۆح و ستایلێکی کوردیانەی هەیە، بۆ رەوشی ئێستای کوردستان گوتراوە و رووناکییەکە بۆ بەرەو دەوڵەتبوون و سەربەخۆیی، گوتیشی «ئێمە ئەم بەرهەمە دەکەینە دیاری بۆ قۆناغی ئێستای کوردستان، کە قۆناغێکی رووناك و ئومێد بەخشە».

ئەم سروودە بەناوی «کورد هاتن»ـە، لە ئەستەنبوڵ کاری تۆمارکردنی بۆ کراوە، حەسەن شەریف گوتی «لە ئێستادا بەنیازە بچێتە وڵاتی تورکیا بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بخاتە سەر موزیکەکە و لە کۆتایی ئەم مانگەدا بەرهەمەکە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە دەبێت».

شەریف، پێشتر سروود و گۆرانی دیکەی پێشکەش بە نیشتمان کردووە، لەبارەی جیاوازی ئەم بەرهەمەیەوە گوتی «هەموو کوردێك لەم بەرهەمەدا خۆی تێدا دەبینێت، مزگێنییەکە بۆ گەلی کورد، بۆ شەهید و بۆ سەرکردایەتی کورد و بۆ بەرەو سەربەخۆیی کوردستان».

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ئەوان لە رووی داراییەوە توانای ئەوەیان نییە ڤیدیۆ کلیپێکی باش بۆ بەرهەمەکە بەرهەم بێنن، بەڵام لە رێگەی دەرهێنەر شینوار کەمال رێکەوتونە کە سوود لە ئەرشیف و وێنە وەربگرن وەك بەرهەمێك بۆ کەناڵە بینراوەکان.

حەسەن شەریف، کە بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی بەرەکانی جەنگی بەرگری کردن لە خاك و و گیانی کوردانی ئەم ناوچە کوردستانیانە دەکەن کە تا ئێستا لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون و بە سروودەکانی ورەی پێشمەرگەری بەرزتر کردەوە وسڵاوی خۆیشی ئاراستەی پێشمەرگە و بنەماڵەی شەهیدان کرد کە بەرگریکاری نیشتمانن بۆ ئەوەی هەموو لایەك بە ئازادی و خۆشی بژین.

**ئالین بە گۆرانییەك پشتگیری لە پێشمەرگە دەکات**

بەر لە ماوەیەك خانمە گۆرانیبێژی رۆژئاوای کوردستان ئالین، بە سەردانێکی چەند رۆژە هاتە کوردستان بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی



هونەری، لەوانــە تۆمار کردنی دوو کلیپ کە یەکێکیان سروودێکی نیشــتمانی بوو پێشکەشی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان دەکات

لەو بارەیەوە ئالین دەڵێ: بەر لە چەند ڕۆژێك کلیپێکی نوێم بڵاوکردەوە کەسروودێکی نیشتمانیەو زیاتر ئاراستەی گەنجان و نەوەی نوێی کوردســتان کراوە، ســروودەکە بە ناوی (چیــا بەفر و دۆمانە) کە لە ئاواز و تێکســتی هونەرمەندی گەورە شــڤان پــەروەرە و دوای ئەوەی لە کوردســتان بەشــێوەی کلیپ تۆمارم کرد لە دەرهێنانی شۆڕەشــڤان صدیق، بڕیار وایە لە نزیکترین دەرفەتدا لە کەناڵە کوردییەکان بڵاوبکرێتەوە.

ئالین هەروەها دەڵێ: هەر تاکێکی کورد لە هەر شوێنێك بێت پێویســتە پشتگیری و پشتیوانی لە پێشمەرگەکانی کوردســتان بــکات، چونکە بە خەبــات و ماندووبوونی پێشــمەرگە ئەم ئازادییەی ئەمڕۆ لە ئارادایە بە دەست هاتووە، ئەوان لە ســەردەمێك خەبات و بەرخودانیان دژی داگیرکەرانــی وڵات دەکرد کە دوژمــن بە کیمیاباران و ئەنفــال و وێران کردن و خاپور کردنی شــار و گوندەکان خەریکی سڕینەوەی ناو و ناسنامەی کورد بوو، ئێستاش بە هەمان شێوە دەبینین لە بەرەکانی جەنگ دژی تیرۆر و تیرۆریستان وەستاوە بۆ پاراستنی سنوورەکانی کوردستان و گیــان و ســەرو ماڵی هاووڵاتیــان، بۆیە منیش وەك هونەرمەندێك بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە بە گۆرانییەك پشتیوانی خۆم بۆ پێشمەرگە دووپات بکەمەوە، هەروەها ئامادەم شان بە شانی پێشــمەرگە لە بەرەکانی جەنگ بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکەم.

ئالین دەربارەی پەیامی ســەرەکی لە وتنی ئەم سروودە نیشــتمانییە وتی :پەیامی من لەم ســرودەدا ئەوەیە کە گەنجانی کوردستان ڕەنج و خەباتی پێشمەرگەو ساڵانی ڕابردووی خەباتیــان دژی داگیرکــەران و ئازادکردنی وڵاتیان لەبیربێت و درك بەوە بکەن کەئەم دەســتکەوتانە لەئەنجامی خەبات و قوربانیدانی ئەوانەوە هاتۆتە دی و پێویستە ڕێز لەخەباتیان بگیرێت.

**هونەرمەندانــی زاخۆ وەك پێشــمەرگەیەك ئامادەن بۆ بەرگری کردن لە کوردستان**

هونەرمەندانــی زاخۆ عەبدولقەهــار زاخۆیی، حاجی زاخۆیی، ڕێکێش سەیرانی، دەلال زاخۆیی، عەدنان ساڵح، وهونەرمەندی لاوی شاری زاخۆی دەلال ئیسلام زاخۆیی ئەوانیش وەك هەمیشە بە دەنگە خۆشەکەیان بەشدارییان کــردووە لە تۆمار کردنی داســتانەکانی پێشــمەرگە و هاندانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان، سروودێکی نوێیان تۆمار کردووە بە ناوی (ئێمە هەموو پێشمەرگەین بۆ شەڕ ئامادەین) ئەم سرووده نوێیە لە تێکستی عەبدولقەهار زاخۆیی و ئاوازی ئەحمەد هەسنییە و بە هاوکاری لقی زاخۆی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان تۆمار کراوە .

**کانی هەڵەبجەیی:**

کانی هەڵەبجەیی گۆرانیبێژو ڕاگەیاندکار بە هاوبەشی لەگەڵ گۆرانیبێژان (شۆبان، تەمــەن، ئاریۆس) گۆرانییەك بۆ پێشــمەرگە دەڵێــن و کلیپی گۆرانییەکەش لەنێو هێزەکانی پێشمەرگە لە شاری هەولێر تۆماردەکەن.


کــانی هەڵەبجەیی کــە لــە میــانــەی کــاری ڕاگــەیــانــدنــی خۆیدا بەشێوەیەکی زیندوو لە نێو ڕووداوەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە و تیرۆریستان ئامادە بووە، دەربارەی ئەم گۆرانییە دەڵێ: گۆرانییەکە باس لە ڕۆڵی چەند گەنجێك دەکــات کە دەیانەوێت ببنە پێشمەرگە و بچنە بەرەکانی جەنگ بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی پێشمەرگە.

ئەم گۆرانییە لە تێکســتی هونەرمەند حەمەســەعید ئیبراهیمــە و هونەرمەند ئارۆیس-یش کاری میوزیکی بۆ کردووە و لە دەرهێنانی هێمن ئەحمەد کۆییە.



# ١٨ ساڵی کردە قوربانی چەند خولەکێک





دوای ١٨ ساڵ ژیانی هاوسەری ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەستێرەی سینەمایی جیهانی ئەنتۆنیۆ باندیراس و میلانی گریفسی هاوسەری جیابوونەوە، هەر زوو دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە زۆر کەس لە نزیکەکانی باندیراس پەنجەی تۆمەتیان بۆ ئەستێرەی هۆڵیود مالیکا شیرویت درێژ کرد و بە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندیی باندیراس و گریفسیان زانی، بۆیە ئەویش ویستی ئەم تۆمەتە لەسەر خۆی لابدات و بۆ هەموو لایەکی روون بکاتەوە کە هیچ پەیوەندیی بە جیابوونەوەیان نییە.

بەپێی چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی بەر لە دوو ساڵ لە میانەی ئاهەنگێکی فیستیڤاڵی (کان)ی سینەمایی بۆ چەند خولەکێك باندیراس و مالیکا بەیەکەوە سەمایان کردووە ئەمەش بووەتە هۆی تورە بوونی میلانی و لەو کاتەوە ناکۆکی کەوتە نێوانیان و بەردەوام لە شەڕ دابوون تا لە کۆتاییدا دوای ١٨ ساڵ ژیانی هاوسەریی بڕیاریاندا جیاببنەوە.

لەلایەن خۆیەوە مالیکا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە بە هیچ شێوەیەك هۆکاری جیابوونەوەیان نەبووە رایگەیاند کە پەیوەندی نێوان ئەو و باندیراسی تەمەن ٥٣ ساڵ لە یەکتر ناسینێکی ئاسایی تێپەڕ ناکا، هەروەها ئەوەشی روونکردەوە کە پێویستی نەدە

کرد باندیراس بەم شێوەیە و وا بە ئاسانی کۆتایی بە ژیانی هاوسەریی خۆی نەهێنی، چونکە تەمەنێکی زۆریان بە یەکەوە بەسەر بردووە و نەدەبوو بە ناکۆکییەك قوربانی بە ١٨ ساڵ ژیانی هاوسەری بدەن، بەڵام ماڵپەڕی RadarOnline رایگەیاند ئەم پەیوەندیە کورتەی باندیراس و مالیکا هۆکاری سەرکی جیابوونەوەیان بووە، شایەنی باسە لە ساڵی ١٩٩٦ میلانی و باندیراس ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا و کچێکیان هەیە تەمەنی ١٧ ساڵە.

# بریانکا بە وێنەگرتن بێزار دەبێت



بریانکا شۆبرا یەکێکە لە ئەستێرە جوان و سەرکەوتووەکانی بۆلیۆد و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە هیندستان و دەرەوە و ئەوروپاش، ئەوەی سەیرە زۆربەی جەماوەرەکەی بەتایبەتی ئەوانەی لە هیندستان دەژین حەز دەکەن پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵی هەبێت و لە نزیکەوە بیناسن و زۆریش هەوڵ دەدەن وێنەی تەنیاو تایبەتی لەگەڵدا بگرن. لە بەرامبەر ئەم خۆشەویستییەی جەماوەر و بۆ رێز گرتن لێیان و بێبەش نەکردنیان دوایین کاروچالاکییە هونەرییەکانی خۆی لە تویتەر بڵاو دەکاتەوە بۆ ئەوەی جەماوەر لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی ژیانی بێت، بە بەردەوام نوێترین و جوانترین وێنەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە و لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەر وێنەیەکیش کورتەیەك دەربارەی شوێنەکە یاخود ئەو بۆنەیەی کە بە هۆیەوە وێنەکەی گرتووە کۆمێنتێکی بچووکیش دەنووسێت. بەڵام سەرەڕای ئەمەش شۆبرا بێزاریی خۆی دەربڕیوە لە هەڵسوکەوتی هەندێك کەس کە دەبنە هۆی ئەوەی نەتوانێت بە ویست و ئارەزووی خۆی بە تەنیا هەندێك کات بەسەر بەرێت بەتایبەتی کە کاری نییە، ئەم بێزارییەی شۆبرا دوای ئەوە هات کە هەندێك کەس لە شوێنێکی گشتی بینیوویان و فشارێکی زۆریان خستبووە سەری بۆ ئەوەی وێنەیان لەگەڵدا بگرێت ئەگەرچی رازیش نەبوو، لەم بارەیەوە لەسەر پەیجی تایبەتی خۆی لە تویتەر نووسیبووی: من پێموایە کارێکی نابەجێیە کاتێك لە شوێنێکی گشتیدا دانیشتبی یان نووستبی یان نان بخۆی، کەسانێك لەناکاو لێت بە دەرکەوێ بێ ئەوەی رەزامەندی وەربگرن، من بە راستی بەمجۆرە رەفتارانە بێزار دەبم.



# دوای ٣٠ ساڵ جیابۆوە

دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ رینیە ئەنجلیلی هاوسەری خانمە گۆرانیبێژی ناوداری جیهانی سیلین دیون بەڕێوەبەری کارەکانی بوو، بڕیاری دا واز لەم پۆستە بهێنێت، چونکە هەر لە سەرەتای کاروانی هونەری سیلین تاکە بەڕێوەبەری کارەکانی هاوسەرەکەی بووە.

دوای ئەو بڕیارە ئێستا سیلین بە دوای بەڕێوەبەرێکی نوێدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی کارەکانی بەڕێوەبەرێت، لەم بارەیەوە کۆمپانیای (پرۆدەکشن فیلینگ) کە سپۆنسەری کارەکانی سیلین دەکات رایگەیاند کە لەمەودوا ئالدر جامباولۆ کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی ئەنجلیل و سیلینە دەبێتە بەڕێوەبەری کارەکانی سیلین و لە هەمان کاتدا کۆمپانیاکەش بەڕێوە دەبات.

جامباولۆ کە ماوەی ٢٥ ساڵە لەگەڵ سیلین و هاوسەرەکەی کار دەکات لە مانگی ئابی داهاتووە ماڵی خۆی دەگوازێتەوە بۆ لاس ڤیگاس بۆ ئەوەی لە سیلینەوە نزیك بێت، چونکە ماوەی ٣ ساڵە زۆربەی هەرەزۆری ئاهەنگەکانی سیلین لەوێ بەڕێوەدەچن.

شایەنی وتنە دوای ئەوەی هاوسەری سیلین وازی لە پۆستەکەی خۆی هێنا زۆر کەس پاڵێوراو بوون بۆ ئەوەی ببن بە بەڕێوەبەری کارەکانی، بەڵام جامباولۆ زۆر لە خانەوادەکەی نزیکە و ماوەی ٢٥ ساڵە ئەم کارە دەکات و شارەزاییەکی زۆریشی هەیە لە بواری رێکخستنی ئاهەنگەکان، چونکە پێشتر لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١١ لەگەڵ تیپی (سیرك دۆسۆلای) کاری کردووە.